کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-6-2007 23:45

# گۆڕان بەرەو دیالۆگی لاوان... نەجات ڕۆستی

najatrosty@yahoo. com

نوێبوونەوە بنەمای بەرەوپێشڤەچوونی هەر دامەزراوەو ڕێکخراوێکە لەسەر بنچینەی کۆمەڵی مەدەنی بنیاتنراوە، گەشەکردن و مانەوەش ترۆپکی ڕێڕەوی تازەی داهێنان و خەباتی پیشەیە لە کۆمەڵگایەکی کراوەی مۆدێرندا، کۆمەڵگای داخراو لە تیرۆژی ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە دەکرێتەوەو دەبێتە ئەو پانتاییەی کە تاکەکانی تیادا پەل دەهاوێژن بۆ بەدیهێنانی خواستە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکانی لە دونیایەك کە لاوان پێشڕەو و هێزی بەرهەمهێنەر و ئەندازیاری نەخشەی داهاتووی کۆمەڵگادا کێشراون.
مێژووی گەلانی پێشکەوتوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەوڕەوەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم لە هزرو هۆشی ئەو ڕێچکەی کە تیایدا چین و توێژەکان هەنگاو دەهاوێن و هەمیشە لاوان چرایگەشەن کە بۆ بەدیهێنانی جیهانی ڕووناك دائەگیرسێن. شەپۆلی ڕێکخراوی مەدەنی کە لاوان تیایاندا پێشەنگ و پێشڕەون ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پروشە دەهاوێژێ، تا پاککردنەوەی ژینگە لە دابونەریتە کۆنەکان و داڕشتنی سەرلەنوێی یاسای ژیان کە مرۆڤ تێدا داهێنەرو بەدیهێنەری خواستەکانی بن. ئەو شەپۆلە فراوانەی کە باهۆزەکەی لە ئەوروپا بەرەو دنیای سێیەم هەڵیکردووە لە دوای تێکشاندنی ئۆردوی بەعس لە کوردستان دەیان و سەدان ڕێکخراوی پیشەیی و مەدەنی لەلایەن لاوان و هەموو چین و توێژینەوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری هاتنە چێ کردن، هەریەکەو بەڕەنگ و شێوازو بەرنامەیەکی تایبەتی خۆیەوە دەهاتە مەیدان کارکردن و لەم بوارەدا بەبێ بوونی خۆیان و فراوانی دەسەڵاتەکانیان و ڕێژەی ئەندامانیان، ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاودا. ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانیش یەکێك بووە لەو ڕێکخراوە کاریگەرانەی کە هەمیشە لەنێو لاوان بوونی هەبووەو لە چوارچێوەی بەرنامەکانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە لاوان کردووە و خاوەنی چەندین داهێنان بووە لە کوردستان کە پێشەنگ بووەو لاوانی ئاشنا کردووە بەهەموو ئەو پێداویستییە ژیاریانەی کە گەنج پێشتر پێی ئاشنا نەبووە، یەکێك لەو خاسیەتانەی کە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانی لە باقی ڕێکخراوەکانیتر جیاکردۆتەوە ئەوە بووە کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە زیاتر گرنگی بەلاوانی کەنار داوە کە ئەمەش بەرنامەیەکی ژیرانە بووە کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە کراوەتە بنەمای سەرەکی کاری ڕێکخراوەیی، چونکە پێیانوابووە کە لاوانی کەنار بەئاسانی دەستیان بە پێداویستییەکانیان ڕاناگات. ڕێکخراوی ئازادیی لاوان ببێتەهۆکار و ئەو ئەڵقە پەیوەندییە ڕۆشنبیرییە بێت کە لاوانی کەنار بە لاوانی شار ئاشنا بکات و بەپێچەوانەشەوە لاوانی شاریش بەداهێنان و بەهرە جوانەکانی لادێ و شارو شارۆچکە دوورەدەستەکان ئاشنا بکات. ئەمەش گەورەترین سەروەرییە کە ماوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادی لاوان تیایدا چرۆی کردووە، ئەنجامدانی چەندین فیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و هەزاران چالاکیترە کە لە خانەی مێژووی خزمەتکردن ڕووبەرێکی زۆری داپۆشیوە..
ڕێکخراوی ئازادیی لاوان لە ژیان ڕێکخراوەیدا لەدوو کۆنگرەی ڕابردوو و ئەم کۆنگرەیەش جارێکیتر بۆ داڕشتنەوەی ستراتیژی کارکردنی ڕێکخراوەیی کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی کە بەرنامەی کاری داهاتووی لەگەڵ پێشهات و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بگونجێنێ بۆ ئەوەی لە خەباتی مەدەنی داهاتووی ڕێکخراودا هەمیشە پێشەنگ بێت و بیروبۆچوونی لاوان بکاتە خاڵی وەرچەرخاندنی خەباتێکی نوێ لەسەربنەمای خزمەتکردن و لەیەکتر گەیشتن و بەڕێوەبردنی دیالۆگی بەردەوامی لاوان بۆ پرسە هەنوکەییەکانی نێو چڤاکی کوردەواری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.